# ئاخۆ ئازادی دەبێتە قوربانی چەند وتارێك ؟

ئیبراهیم ئیسماعیل عەباس

یەكگرتنەوەی دوو ئیدارەكان و هاوپەیمانیەتی گەرمی یەكێتی و پارتی , بەپێچەوانەی هەموو پێشبینییەكان , دۆخێكی زۆر تایبەتی لە كوردستان داهێنا . زۆرن ئەو كەسانەی بە بڕوایەكی تەواوە دەڵێن : دوو ئیدارەیی و ململانێی حیزبەكان ، پشكێكی لە پیرۆزی تێدابوو !! چونكە لەوەتەی حوكمەتەكان یەكیان گرتۆتەوە , حیزبەكان بوون بە برا . خزمەتگوزارییە زۆرەكان كەم كراونەوە , كێوێكی ڕاستەقینە كەوتۆتە نێوان بەرپرسان و خەڵك . لە پەرچەكرداری ئەمی تیرۆرست و ئەوی ڕۆژنامەنووس , پەرلەمانەكەمان زۆر بە خێرایی بەرە و هەمواركردنی یاسا سڕبووەكان تێدەكشێیت . وا خەریكە هێدی هێدی لەجیاتی چارەسەری ڕاستەقینەی گەندەڵی . سزادانی خائین و سیخوڕان . بەرەو تولە ڕێیەكی باریكی دیكتاتۆری پێی هەڵدەگرین .

پرسیارێكە و وەڵامی گەرەكە , بەتایبەت لە ئێستادا كە لەهەموو كات زیاتر , باس و پێشنیاری  كار پێكرانەوەی ماددەی یاساكانی سزادانی ڕۆژنامەنووسان لەلایەن حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە دەكرێت ؟؟ ئەگەر وەڵامەكەی ئەوە بێت . ئازادی ڕۆژنامەنووسی تا نوكە ڕێكنەخراوە . ئەی كێ هۆكاری ڕێكنەخستنی بووە لەزیاتر لە دەیەو نیوێكی حوكمی خۆماڵی ؟ ئایا نابێت مافی ئەوەمان هەبێت بڵێین بۆ تائێستا ڕێكنەخراوە ؟ ئەو ساتەی لەجەنگی گەرم و ساردی نیوەی نەوەتەكانی باشووری كوردستان , تا سەدەی بیستمان بەڕێی كرد , هەرچی جۆێنی ناشرینی كۆن و نۆێی هەبوو هەمووی گوترا . بۆ ئەو كاتە كە لەجیاتی یەك دەزگای دادوەری دووانمان هەبوو , یاسای ڕیكخستنی كاری ڕژنامەوانی  كاری پێنەكرا ؟ .

یان ڕاستی مەسەلەكە لەوەدایە , كەمن بەكارەساتی دەبینم .بەداخەوە هیچ خاوەن پۆستێك , خۆی بە خاوەنی پیشە و كارەكەی خۆیّ نازانێت , تائەو ساتەی , بەرزترین دەسەڵاتی ووڵات لەپەرچەكردارێكی كارێك ، هەڵەیەك , دێتە قسە و ئینجا پاش ئەو لەجیاتی پێشنیارێ دەیان پێشنیاز و پێشنیار ئامادە دەكرێن , بەڵام چۆن پێشنیازێی ؟ .

زۆربەی هەرە زۆرمان لە دوور مەودای بیر و ڕاوانین و ئاخاوتنەكانی بەڕێز سەرۆكی هەرێمی كوردستان ئاشنایین . هەمیشە لەناو ئاخاوتنەكانی , ڕەتكردنەوەی ڕا سەپێنی و دژە دۆگماتیزی دەبینین . هەر لەبەر ئەمەش بووە هەمووكات لە نووسینەكانم , پەسنی ئەو لایەنە دروشاوەی وتەكانی سەرۆك بارزانیم داوە . بەڵام ئەوەی گۆمی ڕوونی ڕاستییەكان لەسەرۆك لێڵ دەكەن , ئەو كەسانەن لە ڕابردوو , تۆوی قینی نێوان حیزبەكان و جەماوەریان ڕوواند و چەكەرەیان پێكرد .ئەوانە لەسەر بچوكترین دەرفەت بازنادەن , بۆ شەن و كەوكردنی لایەنە نەرێینیەكان و هەتا بۆیان بلۆێت ئاراستەی بڕیارەكانی ئەم زاتە بە ئاڕاستەی نەخوازراوی سەرۆك و هاووڵاتیان دەبەن .

ناخوازم كەس لافی بێی ئینتیمایم بۆ سەرۆكی هەرێمی كوردستان بە سەردا لێبدات , یان بە دژە یاسایی تۆمەتبارم بكەن . چونكە بەش بەحاڵی خۆم هەموو كات , تا ئەو ساتەش ( لەگەڵ تێبینی زۆرم لەسەر كاردانەوەی توندی بەرێزیان لە ئاست بابەتێكی گچكە . ) بە شایستەترین سیاسی كوردی دەزانم , كە پێویستە پێش هەمووان گۆیی بۆ بگیرێت . حەزیش ناكەم نە لەگەڵ كەس بەراورد بكرێت , نە هەڵەی هیچ كەس لەسەر بەرێزیان بژمێردرێت . بەڵام ئەم وتەیەم هەرگیز بەو واتایە نییە . كە هەندێك جار, بەهۆی ئەو كەسانەی دەنگیان هەمیشە دەگاتە بەرێزیان . تووشی كاردانەوەی توند دەبێت . كە خۆزگە دەخۆازم وانەبێت و من لە دەربرینی ڕایەكەم هەڵە بم .

چونكە گەر بەڕاستی قسە لەو هەڵایە گەورەیە بكەین , كە ئێستا بە هۆی ڕاگەیاندنەوە لە ڕۆژەڤدایە و خەڵك و دەسەڵاتی پێكەوە سەر گەرم كردووە .تەنها ئەو كەسانەی دەستێكیان بالیفی سەری دوژمن بووە و دەستەكەی تریشیان لە

تالآنكردنی سامانی خەڵكی كوردستان دایە . ئەوانە ئەگەرچی لە ویژدانی خۆیاندا لە دڵەڕاوكێیەكی توندا دەژین , بەلآم تا ئەو ساتەش ئاشیان بە بای دەسەلآت دەگەڕێ . بۆیە هەتا بۆیان بلۆێی و بۆیان بكرێت ، بە هۆی گەیشتنیان بەسەرچاوەی بڕیارەكان ، ڕیگا نادەن بەئاسانی , ڕاستییەكان وەكو خۆیان , بێی پەردەپۆش , بە دەسەلآتی بالآی ئەم وولآتە بگەن . لەم نێوەندەشدا , ئەو هاوسەنگییە دروست دەبێت و دەبینرێت . ئەگەر لەلایەك دەسەلآت مژوولی بەدواداچوونی ڕاستی و ناڕاستی , پاكی و خیانەتی فایلداران بێت . لەلایەكی تریش سەرگەرمی دەكار خستنی , بڕیارەكانی قانوونی سزادانەكانی ڕۆژنامە نووسان دەبێت .

2006/ 10 / 16